# پرۆژەی پەیرەوی ناوخۆی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان

**مادەی یەکەم:**

**ناو:** کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان- عێراق .

**مادەی دووەم:**

کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان - عێراق , تێدەکۆشێت بۆ پاراستنی ماف و کۆکردنەوەو جۆشدانی زیندانییە سیاسییەکان بێ جیاوازی بیرورا لە چوارچێوەیەکی یاسایی دا بۆ بەگەر خستنەوەی ووزەو تواناو ئەزموونیان لە پێناو پەرەپێدانی پرۆسەی دیموکراتی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و چەسپاندنی ئازادییەکان لە کوردستاندا.

**مادەی سێهەم:**

**زیندانی سیاسی:** ئەو تێکۆشەرو نیشتمان پەروەرانەیە کە بە تۆمەتی چالاکی سیاسی , هەڵوێستی نیشتیمانی و نەتەوایەتی , بیری دیموکراسی پێشکەوتن خوازانە , یان بە شێوەیەك لە شێوەکان لە بزاڤی ڕزگاری خوازانەی کوردستان بەشداری کردبێ, بێ جیاوازی بیرو بۆچوون و نەتەوەو ئایین , لەلایەن دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە دووچاری گرتن و زیندانی بوون بووبێت.

**مادەی چوارهەم:**

**ئارم:** بریتییە لە دوودەستی پۆڵاینی زیندانی سیاسی کە کۆت و زینجیر و دەرگاری زیندان دەشکێنێ وکۆتری ئاشتی لەکاتێکدا کە ئاڵای کوردستانی بە دەنوکەوەیە ئازاد دەبێت .

**مادەی پێنجەم :**

**مەرجەکانی بوون بە ئەندام:**

١- تەمەنی لە (٩) ساڵ کەمتر نەبێت لەکاتی گیرانی دا.

٢- پێناسی زیندانی سیاسی بیگرێتەوە کە لە مادەی (٣) دا باس کراوە.
٣- حوکم درابێت وە یان ئەگەر گیراو یان دەستبەسەر بو ماوەکەی لە شەش مانگ کەمتر نەبێت .
٤- ئەندام نەبێت لە رێکخراوێکی هاوشێوەی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان چ لە کوردستان و چ لە عێراق.
٥- لەکاتی زیندانی و لەدوای ئازادبوونی دا خیانەتی بەگەل و نیشتیمان نەکردبێت .
٦- باوەری بە پەیرەو و پرۆگرامی زیندانی سیاسی هەبێت.
٧- ئابوونەی سالأنەی بدات کە لە (٥٠٠٠) هەزار دینار کەمتر نییە.
٨- هەڵگری رەگەزنامەی هەرێمی کوردستانی عێراق بێت.

مادەی شەشەم:

## ماف وئەرکەکان :

أ: مافەکانی ئەندام:

١- مافی خۆپالأوتن و دەنگدانی هەیە.
٢- مافی پێشکەش کردنی سەرنج و پێشنیارو رەخنەی هەیە.
٣- مافی سوود وەرگرتنی هەیە لەو خزمەتە کۆمەلأیەتی و تەندرووستی و مادی و مەعنەویانەی کە زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان پێشکەشی دەکات.
٤- زیندانی سیاسی کۆچکردوو ئەندامی ( فخری) دەبێت و هەموو مافە یاساییەکانی دەگوێزرێتەوە بۆ میراتگرەکانی.

ب- ئەرکەکان:

١- بەرگری تەواو بکات لە دیموکراسیەت و ئازادی رادەربرین و بنەماکانی مافی مرۆڤ.
٢- بەشداری بکات لە بەئەنجام گەیاندنی کارو چالاکییەکانی زیندانییە سیاسییەکان.

مادەی حەوتەم:

لەدەست دانی ئەندامێتی:

١- بەپێچەوانەی پەیرەو و پرۆگرام رەفتار بکات.
٢- ئەندامێتی بەکار بهێنێت بۆ بەرژەوەندی تەسکی تایبەتی.

٣- نەدانی ئابوونەی سالأنەی.
٤- لەسەر خواستی خۆی داوای خۆكێشانەوە بكات.

مادەی هەشتەم:

بارەگای سەرەکی لە پایتەختی هەرێمی کوردستان دەبێت, ناوەندەکانیشی مافی کردنەوەی بارەگای خۆیان هەیە لە پارێزگاکانی کوردستان.

مادەی نۆهەم:

پێکهاتەی زیندانییە سیاسییەکان:

١- کۆنگرە.
٢- دەستەی باڵا.
٣- ئەنجومەنی راوێژکاران.
٤- ناوەندەکان.

کۆنگرە باڵاترین دەسەڵاتە لە زیندانییە سیاسییەکانی کوردستانەوە هەردوو ساڵ جارێك دەبەسترێت لە کاتی ئاسایی دا.
کۆنگرە پێك دێت لە ئەندامانی دەستەی باڵا و ئەندامان دەستەی دامەزرێنەر و ئەندام و ئەندامە یەدەکەکانی ناوەندەکان و نوێنەرانی هەڵبژێرراوی سنوری ناوەندەکان بە رێژەی دیاری کراو, وە پێنج پسپۆر لە ئەندامانی زنیدانییە سیاسییەکان کە لەلایەن دەستەی باڵاوە دیاری دەکرێت.
دەستەی باڵا بۆی هەیە کۆنگرە دوابخات بەراوێژ کردن لەگەڵ ناوەندەکان بۆ ماوەی (٦) مانگ.

ئەرکەکانی کۆنگرە:

١- پێداچوونەوەی پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆ و بریاردان لەسەری.
٢- دارشتنی سیاسەتی گشتی بۆ زیندانییە سیاسییەکان.
٣- هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی باڵا و ئۆرگانە پێویستییەکان.

٤- لێکۆڵینەوە لە ڕاپۆرتی ئامادەکراو لە لایەن دەستەی باڵاوە سەبارەت بەدەست کەوت و کەم و کورییەکانی زیندانییە سیاسییەکان لە نێوان دوو کۆنگرەدا.

٥- لێکۆڵینەوە لە بودجەی ساڵانەی زیندانییە سیاسییەکان بەپێی ئەو ڕاپۆرتە داراییەی کە لەلایەن دەستەی باڵاوە ئامادە دەکرێ.

**مادەی دەهەم:**

**دەستەی باڵا :**

**أ- پێکهاتووە لە (١٧) ئەندام و دوویەدەک.**

**لە یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی باڵا لە دوای کۆنگرە سەرۆک و جێگر و دەستەی کارگێری و بەرپرسی ناوەندەکان هەڵبژێردرێ.**

**ب- ئەرکەکانی دەستەی باڵا:**

١- ڕاپەڕاندنی سیاسەتی گشتی بڕیاردراو لە کۆنگرەدا و دانانینەخشەو پلانی گونجاو بۆی.

٢- دابەشکردنی کارو چالاکییەکان لە نیوان سەرۆک و جێگرو کارگێڕو ئەندامانی دەستەی باڵادا.

٣- نوێنەرایەتی کردنی زیندانییە سیاسییەکان لەبەردەم دام و دەزگا حکومییەکان و ڕێکخراوو سەندیکای هەر لایەنێکی تردا.

٤- سەرپەرشتی و چاودێری کردنی کاروباری ناوەندەکان.

٥- کردنەوەی یانەی کۆمەڵایەتی و وەرزشی و هونەری و هەرەوەزی بەپێی توانا.

٦- کردنەوەی ناوەند و نوسینگەی نوێ و پێکهێنانی لیژنەی تایبەت بۆ ڕاپەراندنی ئێش و کارەکان.

٧- بایەخدان بە بواری ڕاگەیاندن لەڕێگای دەرکردنی بڵاو کراوە و گۆڤار و پەرتووک و ماڵپەرەکان و هۆکارەکانی تری ڕاگەیاندنەوە.

٨- یارمەتی دان و هاوکاری کردنی ئەندامانی زیندانییە سیاسییەکان لە کاتی پێویست.

٩- دیاری کردنی ڕێژەی نوێنەرایەتی ئەندامان و چۆنێتی هەڵبژاردنیان بۆ کۆنگرە .

١٠-دەستەی باڵا هەر (٣٠) ڕۆژ جارێک کۆدەبێتەوە.

**مادەی یانزەهەم:**

**ئەنجوومەنی راوێژکاری:**

پێکهاتووە لە دەستەی دامەزرێنەر, لەگەڵ ئەندامانی دەستەی باڵا ,هەروەها ئەندامانی ناوەندەکان , لەگەڵ کەسانی پسپۆری پێویستە کە دەستەی باڵا دەست نیشانیان دەکات کە ژمارەیان لە (5) کەس زیارت نەبێت.

ئەنجوومەنی راوێژکاری هەر شەش مانگ جارێک کۆدەبێتەوە .

**ئەنجوومەنی راوێژکار هەڵدەستێت بە:**

١- پێداچوونەوە بە چۆنێتی پەیرەو کردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە و پەیرِو کردنیان.

٢- هەڵسەنگاندنی کارو چالاکییەکانی دەستەی باڵا لە ماوەی (٦) مانگی پێشوودا.

**مادەی دوانزەهەم:**

**ناوەندەکان:**

پێکهاتووە لە (9) ئەندام لەگەڵ دوو یەدەک کە بەم شێوەیە هەڵدەبژێردرێن:

لە سنووری هەر ناوەندێک کۆبونەوەیەکی فراوان بە سەرپەرشتی دەستەی باڵا بۆ ئەندامان ئەنجام دەدرێت و تیایدا بە دەنگدانی نهێنی و ڕاستەوخۆ ئەندامانی ناوەندو یەدەکەکانی هەڵدەبژێررێن ,وە لە هەمان کۆبونەوەشدا بەپێیڕێژەی دیاری کراو لە لایەن دەستەی باڵاوە بۆ بەشداری کردنی ئەندامان لە کۆنگرە , نوێنەرانی ئەو سنورە بە هەمان شێوە هەڵدەبژێررێن .

**ئەرکەکانی ناوەند:**

١- بە جێبەجێ کردنی بریار و رێنماییەکانی دەستەی باڵاً.

٢- وەرگرتنی ئەندامی نویٚ بەپێی رێنماییەکان.

٣- دابەش کردنی کارو ئەرکەکان لە نێوان ئەندامانی ناوەند.

٤- وەرگرتنی ئابونەی ساڵانە لە ئەندامان.

٥- بەرز کردنەوەی راپۆرت و پێشنیاری ناوەند بۆ دەستەی باڵا.

٦- سازدانی کۆرو کۆبوونەوەو سیمینار بۆ جۆشدانی ئەندامان.

٧- ناوەند مانگی یەک جار کۆبونەوە دەکات .

## ئامانجە گشتییەکانی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان :

کۆمکار ووزە و توانای لەبن نەهاتووی زیندانییە سیاسییەکان دەخاتە گەڕ بەرەو دەستەبەرکردنی ئامانجە گشتییەکان کە بریتیین لە :

- **لەبواری یاسایی دا تێدەکۆشین لەپێناو :**

١- بڕیاردان و جێبەجێکردنی دەستووری هەرێم و چەسپاندنی یاسا و سەربەخۆیی دادوەری دا .

٢- چەسپاندنی ڕۆڵ و ماف و بوونی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان لە بەندەکانی دەستووری هەرێم داو دیاری کردنی بەندێکی تایبەت بەخۆیان کەتیایدا قەرەبووی شیاو و ڕێز لێنانی شایستە و ڕۆڵی هەمەلایەنەی کاریگەریان بۆ دیاری بکرێت .

٣- بەتاوان ناساندنی سزای لە سێدارەدان و هەڵوەشاندنەوەی ئەو سزایە بەیاسایەکی تایبەت .

٤- زامنکردنی لەئامێزگرتنی دادوەری ( الحصانە القضائية ) بۆ زیندانییە سیاسییەکان.

- **لەبواری سیاسیدا زیندانییە سیاسییەکان فشاری بەردەوام دروست دەکەن بەئاراستەی :**

١- دژ وەستانەوە و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و کاری تیرۆریستی و ڕەشەکوژی و ئەنجامدانی چالاکی هەمەلایەنە لەو بوارەدا .

٢- دژ وەستانەوەو بەرەنگار بوونەوەی بەزیندانی کردنی هاولاتیان لەسەر بیروباوەڕ و هەر کارێکی سیاسی خزمەتگوزار بەگەل و نیشتیمان و کارکردن بۆ بەسزا گەیاندنی ئەنجامدەرانی .

٣- دژ وەستانەوە و بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی بەهەموو جۆر و لقەکانییەوە و کارکردن بۆ بەدادگایی گەیاندنی ئەنجامدەرانی .

٤- شوێن کەوتنی یاسایی خیانەت کارانی گەل و نیشتیمان لە فایل دارو سیخور و تاوانبارانی سەر بەرژێمی ڕووخاوی بەعس و وەرگرتنی بڕیاری یاسایی شایستە دژیان .

٥- دامەزراندنی دەستەی ئەستۆپاکی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە .

- **لەڕووی ئیداریيەوە هەوڵ دەدەین بۆ :**

**١- دامەزراندنی دەزگای زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە .**

**٢- چەسپاندنی نوێنەرایەتی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان لەبەردەم وەزارەت و فەرمانگەکانی هەرێم دا بەمەبەستی داکۆکی کردن لە مافەکانی زیندانییە سیاسییەکان و ڕاپەڕاندنی کار و پێویستییەکانیان .**

**٣- دابین کردنی زەوی نیشتەجێ وەک پاداشت بۆ زیندانییە سیاسییەکان و کار ئاسانی بۆ کردنیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ دروست کردنی خانوی نیشتەجێ لەسەریان .**

**٤- زامن کردنی دامەزراندن و ڕێژەی دیاری کراو لەزەوی و هەر پاداشت و خزمەت گوزارییەک کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دابەشدەکرێت , بۆ زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان بەمەرجێک ڕێژەکەی لە ٢٠٪ کەمتر نەبێت .**

**٥- زامن کردنی ئاسان کاری و یارمەتی دانی ئەوتۆ لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە کە بەهۆیانەوە زیندانییە سیاسییەکان بتوانن خۆشگوزەرانی بۆخۆیان و خێزانەکانیان لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و یاسایی و تەندروستی و بوارەکانی تر دابین بکەن .**

- **لەڕووی ئابووری کاردەکەین بۆ :**

**- کردنەوەی کۆمەڵەیەکی هەرەوەزی تایبەت بە زیندانییە سیاسییەکان بەنرخی تێچووی کاڵاکانی.**

- **لەبواری کلتوری دا کۆمکار بەهاوکاری هەموو زیندانییە سیاسییەکان و حزب و لایەن و ڕێکخراوو هاوڵاتیان ماندوو نەناسانە کاردەکەین لەپێناو :**

**١- کۆکردنەوە و ئەرشیف کردنی بەڵگەنامە و کەل و پەل و هەموو ئەو نامە و نووسین و وێنە و تابلۆو کاری دەست و هۆکاری ئەشکەنجەدان و ناو ناوبانگی جەلادانەی کە پەیوەندییان بە زیندانییە سیاسییەکانەوە هەیە لە بەشی ئەرشیفی کۆمکاری زیندانییە ساسییەکانی کوردستان .**

٢- كردنەوەی مۆزەخانەیەكی تایبەت و شیاو بە كەلتوری تێكۆشانی زیندانییە سیاسییەكانی كوردستان لە ئاستی هەرێمی كوردستاندا .

٣- هاندانی لێكۆڵەرەوەكان لە زانكۆكانی ناوەوەو دەرەوەی ولأتدا بۆ ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەی زانستی لەسەر ئەرشیفی سەرەكی كۆمكار.

- **لەبواری مافی مرۆڤ و دیموكراسیەتەوە پشتیوان دەبین بۆ :**

١- چەسپاندنی بەندەكانی جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ لە كوردستان .

٢- پاراستن و هاوسەنگی راگرتنی ئازادییە تاكە كەسی و بەكۆمەڵ و سەروەریەكانی كۆمەڵگای كوردستان.

٣- چەسپاندن و فراوانكردنی بنەماكانی دیموكراسیەت لە كوردستاندا و ئاراستە كردنی بەرەو ئەو مانایەی كەدەڵێ دیموكراسیەت دەسەلأتی گەلە و بەهۆی گەلەوە لەپێناوی گەلدا جێ بەجێ دەكرێت .

٤- بەرەنگار بونەوەی هەژاری ونەخوێندەواری لە كوردستاندا.

٥- پاراستنی ژینگەی كوردستان .

- **لەبواری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندندا توانامان دەخەینە كار بۆ :**

١- بلأوكردنەوەی ڕۆشنبیری گشتی و نیشتیمانی و كلتوری زیندانییە سیاسییەكان و داكۆكی كردن لە ئامانجەكانی كۆمكار بەهۆی هۆكارە جۆراو جۆرەكانی ڕاگەیاندنەوە .

٢- بەشداری كردن لەیاد و بۆنە نیشتیمانی و نەتەوەیی و سیاسی و گشتییەكاندا و هەڵوێست دەربڕین لەپێشهاتە كاریگەرەكان بەهۆی بەیاننامە و بلأوكراوەی هەمەڕەنگەوە بەناوی كۆمكاری زیندانییە سیاسییەكانی كوردستانەوە .

- **لەبواری کاری رێکخراوەیی یەوە هەوڵ دەدەین بۆ :**

**١- دروست کردنی زۆرترین پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم رێکخراوە مرۆڤ دۆست و دیموکراسییەکاندا و لەسنووری ئامانجەکانی کۆمکاردا هەوڵی چالاکی هاوبەش و هەماهەنگی دەدەین .**

**٢- بەئەندام بوونی کۆمکارەکەمان لە رێکخراوە مرۆیی و رێکخراوەکانی داکۆکی کردن لە مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی عێراق و ناوچەکە و جیهاندا .**

**٣- گرێدانی پەیوەندی بەردەوامی دۆستانە لەگەڵ رێکخراوە مرۆڤ دۆستە جیهانییەکان وئاڵ گۆڕی سەردان و دروستکردنی چالاکی هاوبەش لە سنووری ئامانجەکانی کۆمکاردا .**

**٤- بەشداری کردنی نوێنەری کۆمکار لە کۆنگرەکانی مافی مرۆڤی جیهانی.**